سەرۆك کۆمار: عێراق فاکتەرێکی ناوچەیی کاریگەرە بۆ پشتگیریکردنی ئیرادەی دیالۆگ و بەهاکانی لێکتگەیشتن لێنەوان وەاتاندا



سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ شەممە 24-2-2024 ئامادەی شەشمین کۆنفرانسی دیالۆگی بەغداد بوو، کە پەیمانگای عێراق بۆ دیالۆگ لەژێر دروشمی (پەیوەندی هەرێمی-میحوەری عێراق) ڕێکیخستوە.

سەرۆك کۆمار لە کۆنفرانسەکەدا وتەیەکی پشکشکرد و دوپاتیکردەوە، چالاکی ناوەندەکانی توێژینەوە و دامەزراوە مەدەنییەکانی پەیوەست بە دیالۆگ و لێکتگەیشتن، چالاکیی گرنگن، کە کاری حکومەتەکان بەرەوپێش دەبات بە پەرەپێدانی بەهاکانی پێکەوەژیان، هەروەها پشتیوانی دەکات لە پشکشکردنی بیرۆکە و تەوانینەکان بۆ بیاربەدەستان، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی بیارەکان.

هەروەها ئاماژەی بۆکرد، ئەو سیاستەی عێراق، کە لە دوای ڕوخانی دیکتاتۆریەت و لەلایەن حکومەتە جیاجیاکانەوە پەیەودکرات و پەرەپێدراوە، لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی داڕژراوە و بریتیە لەوەی عێراق هەمیشە لایەنێکی چالاکە بۆ لێکتگەیشتن و پێکەوەژیانی ناوچەیی.

سەرۆك کۆمار ڕاشیگەیاند؛ عێراق کاری کردوە بۆئەوەی نەبێتە خاڵی هەڕشکردنەسەر هیچ لایەنێکی ناوچەیی، بەڵکو فاکتەرێکی ناوچەیی کاریگەرە لەپێناو هاریکاری بونیادنەر و پشتگیریکردنی ئیرادەی دیالۆگ و بەهاکانی لێکتگەیشتن لێنەوان وەاتە جیاوازەکاندا.

ئەمش دەقی وتەکەی بەڕێز سەرۆك کۆمار:

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

خوشکان و برایانی ئامادەبووی بەڕێز
سەاوی خودای گەورەتان لێبێت

سەاوتان لێبێت و دەستخۆشی لە هەوڵەکانتان دەکەم بۆ سازکردنی ئەم کۆنفرانسە، کە پەیوەندی بە پتەوکردنی بەهاکانی دیالۆگ و کارکردنی هاوبەشیەوە هەیە لەپێناو دروستکردن و پەرەپێدانی ژینگەیەکی ناوچەیی و جیهانی پاڵپشت بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی باش لەنێوان وەاتان.
رێنگە گرنگترین و باشترین لێکتێگەیشتن، ئەو لێکتێگەیشتنە بێت کە لەسەر بنەمای باوەڕکی راستەقینە بە دیالۆگ و فرەچەشنی و جیاوازی بونیادنراوە، پاشان لێکتێگەیشتنەکە بەهێزتر دەبێت هەر کاتێك لەسەر بنەماکانی بەرژەوەندیی هاوبەش بێت و پاڵپشت بێت بە ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی و سەروەریی وەاتان و کۆمەڵگەکان.
چالاکی ناوەندەکانی توێژینەوە و دامەزراوە مەدەنییەکانی پەیوەست بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، چالاکیی گرنگە، کە کاری حکومەتەکان بەرەوپێش دەبات بۆ پەرەپێدانی بەهاکانی پێکەوەژیان، هەروەها پشتیوانی دەکات لە پێشکەشکردنی بیرکە و تەوانینەکان بۆ بیاربەدەستان، ئەمش یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی بیارکان و هەنانئارای کێشکی گونجاو بۆ لێکتێگەیشتنی باش و پێکەوەژیان.

لای هەموان ئاشکرایە، ئەو سیاسەتی عێراق، کە لە دوای روخانی دیکتاتۆریەت و لەلایەن حکومەتە جیاجیاکانەوە پەیەودکرێت و پەرەپێدراوە، لەسەر بنەمایکی بنەڕەتی داڕژراوە و بریتیە لەوەی عێراق هەمیشە لایەنکی چالاکە بۆ لێکتێگەیشتن و پێکەوەژیانی ناوچەیی و یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی پاڵپشت بۆ دیالۆگ و ڕێزگرتن لە فرەچەشنی و جیاوازیەکان. هەربۆیە عێراق کاری کردوە بۆئەوەی نبەتە خاڵی هەرشکردنەسەر هیچ لایەنکی ناوچەیی، بەکو فاکتەرکی ناوچەیی کاریگەرە لەپێناو هاریکاری بونیادنەر و پشتگیریکردنی ئیرادەی دیالۆگ و بەهاکانی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەاتە جیاوازەکاندا.
بە پشت بەستن بەو بنەما گشتیانەی حکومەتەکانی عێراق پەیەویانکردووە، دەتوانین هەو و ڕەی عێراق لە دروستکردنی کێشکی گونجاو و پاڵپشت بە گفتوگۆ لەنێوان هەردوو وەاتی دراوسێ، شانشینی عەرەبی سعودیە و کۆماری ئیسلامی ئێران پشتاستبکەینەو. لەڕاستیشدا هەوڵەکانمان بۆبە ئەنجام دەبون ئەگەر ئیرادە و هاریکاری بونیادنەرانەی حکومەتەکانی هەردوو وەاتی دراوسێ نبوایە.

پەدەچێت ئەم ناوچەکەمان پێویستیەکی زۆری بە بەهێزکردنی پرەنسیپەکانی دیالۆگی بونیادنەر و بەرهەمدار هەبێت.

بەرژەوەندیی گەلان و وڵاتان لە پەرەپێدانی ڕساکانی لێکتگەیشتن و چەسپاندنی پرەنسیپەکانی دیالۆگ و ڕوانینەکی بەرپرسیارانەیە بەرەو داهاتوو.

بەرژەوەندیی ناوچەکەمان لەوەدایە، کە هەموومان هاریکاریی یەکتربکەین لەپێناو هەنانەئارای ژینگەیەکی گەشەسەندو و هاریکار و یەکگرتوو.

لە دێیکانی ڕابردودا، کات زۆر بەفیڕۆدراو لەو ماوەیەدا سامان و دەرفەتی زۆر بەهەدەر دران، کە دەکرا ناوچەکە بەرەو پێشەوەببەن و هاوبەشی بەهێزتر بکەن و هاریکاری بچەسپێنن.

کێشەوەای جەنگ و تووندوتیژی و تیرۆر لەم دەیان ساڵەدا، هەکارەکی سەرەکی بوو بە بەفیڕۆدانی ئەو سەرچاوە مرۆیی و ئابوورییانە و پەموایە هەموومان لە ناوچەکەدا درکمان پێکردووە یاخود پێویستە درک بەوە بکەین، کە ئاشتی و لێکتگەیشتنی نێوان وڵاتان تاکە ڕێگایە بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر و پێشکەوتوو.

لەم چوارچێوەیەدا دوپاتیدەکەینەوە، کە سەقامگیری لەم ناوچەیەدا بەبێ کۆتایهێنانی تەواوەتی بە نهامەتی گەلی فەلەستینی و بەدەستهێنانەوەی مافی ڕەوای دەوڵەت و خاکی نیشتمانی، بەدی نایەت. ئەستا کەمتگەی نەودوەتی زیاتر لە جاران درک بەمە دەکات، چونکە بەدواداچوون بۆ نهامەتیی فەلەستینییەکان و ئەو تاوانانە دەکات، کە بەرامبەریان ئەنجامدەدرێن. بەرپرسیارێتیی کەمتگەی نەودوەتییە، کە بۆ ئیرادەیەکی ڕاستقینە و کاریگەرەوە کاربکات بۆ کۆتایهێنان بەو نهامەتیانە و ڕاگرتنی ئەو تاوانە قزەونانەی، لە دژی گەلی فەلەستین ئەنجامدەدرێن.

خوشکان و برایان بەهیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان و بۆ ئەو هەوڵە دەسزانەی دەدرێن بۆ بەدیهێنانی دیالۆگێکی ناوچەیی دەسز و بەرهەمدار.

دوبارە سڵاوی خودای گەورەتان لێبێت.